**مێڤان ڕەشید**
**یاریزانی فوتساڵی یانەی چۆمان:**

# پێویستە لەهەموو ناوچەکانی کوردستان هۆڵی تایبەت بۆ کچان بکەنەوە

**تیپی تۆپی فوتساڵی یانەی چۆمان یەکێکە لەو تیپانەی کە وەرزی رابردوو بەشداری کرد لە خولی فوتساڵی نایابی یانەکانی کوردستان وەکو نوێنەری یانەکانی دەڤەری سۆران، هەر چەندە نەیتوانی کێبڕکێ لە سەر ئەنجامی نازناوی خولەکە بکات، بەڵام یانەکە خاوەن چەندین کچە یاریزانانی بەتوانایە لە یاری فوتساڵ، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کچە یاریزان مێڤان ڕەشید، لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٤ی بادلیانە لە سنووری قەزای سۆران و دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە لە زانکۆی سۆران. ئەو یاریزانە بە ئاستە بەرزەکەی هەموو لایەکی سەرسام کردووە و خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەگەڵ یانەکەی، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**



*** ئاستی یاریی فوتساڵ لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- بە گشتی لە ئاستێکی باش نایبینم.

*** ئەنجامدانی پاڵەوانیەتیی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**

- ئەنجامەدانی پاڵەوانیەتیی کەم هۆکارێکی سەرەکییە بۆ پێشەوەنەچوونی ئاستی ئەم یارییە، بۆیە پێویستە پاڵەوانیەتی زیاتر بکرێتەوە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش بچێت.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاریی تۆپی فوتساڵی کچان بەرەوپێش بچێت؟**

-پێویستە هەموو یانەیەك بە یەك چاو سەیر بکرێن لە رووی ماددییەوە، راهێنەرەکانیش خولی زیاتریان بۆ بکرێتەوە بۆ ئەوەی شارەزاتر بن لەم بوارە.

***گرفتی یارییەکانی تۆپی پێی فوتساڵ لە چی دەبینی؟**

-گرفتەکە لەوە دەبینم کە یانەکان بە یەك چاو سەیر ناکرێن، تەنیا یەك دوو یانە نەبێت کە پارەیەکی باشیان بۆ سەرف دەکرێت ئەمەش دەبێتە گرفت بۆ ئەو یانانەی کە باری داراییان باش نییە.

*** لە هیچ یانەیەك داوای یاری کردنت لێ کراوە؟**

-بەڵێ ژمارەیەك لە یانەکان داوای یاریکردنیان لێم کردووە.

*** وەکو کچە یاریزانێك بەرنامەی داهاتووت چییە؟**

- دەمەوێت وەك کچە وەرزشکارێکی کورد بەشداری لە پاڵەوانیەتییەکانی دەرەوە بکەم و ناوی کورد و کوردستان بە جیهان بناسێنم.

*** تا چەند لەگەڵ ئەوەی یانەکانی کوردستان پشت بە راهێنەر و یاریزانی دەرەوە ببەستن؟**

- تا رادەیەك پێم باشە، چونکە شارەزایی زیاتریان لە کارەکە دەبێت و دەتوانن زیاتر پێش بکەون.

***داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

- داواکاریم ئەوەیە گرینگیی زیاتر بە وەرزش و یاریی فوتساڵ بدەن و هۆڵی تایبەت بکەنەوە بۆ کچان لە هەموو ناوچەکانی کوردستان.

*** وەکو یاریزانێك خەونی وەرزشیت چییە؟**

- وەکو کورد بتوانین بەشداری لە پاڵەوانیەتییە جیهانییەکان بکەین و ئەنجامی باشمان هەبێت.

***بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و تۆش یەکێك بیت لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە؟**

- ئەوە هیوای هەموو کچە وەرزشکارێکی کوردە و منیش تامەزرۆی ئەو رۆژەم.

***لە هەڵبژاردەی تۆپی پێی کچانی عێراق داوا کراوی؟**

- بەڵێ، چەند جارێك داوا کراوم.

*** بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**

- بە یاریزانی هەڵبژاردەی فوتساڵی بەرازیل فالکاو.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم کە هەمیشە پاڵپشتی وەرزشکارانن، بەتایبەت لە بواری ئافرەتان بە هەموو جۆرە وەرزشکانەوە، بە هیوای سەرکەوتن بۆ گشت وەرزشوانێك.





# هێرشێکی تۆند کرایە سەر ئەستێرەی یانەی ئەی سی میلان

ماتیۆ سالڤینی وەزیری ناوخۆ و جێگری سەرۆک وەزیرانی ئیتالیا هێرشدەکاتە سەر گۆنزالۆ هیگواین هێرشبەری یانەی میلان، دوای ئەوەی بە کارتی سوور کرایە دەرەوە و یارییەکەشیان بە دوو گۆڵی بێبەرانبەر دۆڕاند.

سالڤینی لە لێدوانێکدا، کە ماڵپەری کالچیۆ مێرکاتۆ بڵاویکردووە گوتی: تۆپی پێ ئاوێنەی وڵاتە، وەک هاندەرێکی میلان هەست بە شەرم دەکەم بەرانبەر ئەوەی هیگواین بەرانبەر یانەی یوڤێنتوس کردی.

جێگری سەرۆک وەزیرانی ئیتالیا زیاتر گوتی: لەگەڵ کوڕەکەم وەک هاندەری میلان لە یاریگە ئامادەبووین، بەڵام ئەوە شتێکی زۆر خراپ بوو، ملیۆنان کەس دەتوانن خۆیان کۆنترۆڵ بکەن، هیوادارم یاریزانەکە بۆ ماوەیەکی زۆر رابگیرێت.

قسەکانی سالڤینی لەکاتێکدان، کە دادوەری وەرزشی ئیتالیا بڕیاریی سڕکردنی گۆنزالۆ هیگواینی بۆ دوو یاریی دەکرد، دوای ئەو هەڵسوکەوتە نا وەرزشییانەی بەرانبەر یوڤێنتوس ئەنجامیدا، بەمەش بەرانبەر لازیۆ و پارما یاریی ناکات.



# ئەلڤێس

## مەرجی وازهێنانی لە یاریکردن راگەیاند

دانی ئالڤێس لە دیمانەیەکدا لە پێگەی تێلێگرافی بەریتانیا بڵاوبۆوە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەیەوێت پێش ئەوەی واز لە یاریکردن بهێنێت دەبێت ئەزموونێکی تر لە پریمەرلیگ تاقی بکاتەوە.

ئەلڤێس زیاتر گوتی: ناکرێت من بێ ئەوەی لە پریمەرلیگ یاری بکەم واز لە یاریکردن بهێنم، بۆیە دڵنیاتان دەکەمەوە پێش ئەوەی بە یەکجاری واز لە یاریکردن بهێنم دەمەوێت لە خولی ئینگلیزی تاقی بکەمەوە.

لەوێ هاندەران زۆر رێز لە یاریزانەکان دەگرن و هەروەها یەکێک لە بە هێزترین خولەکانی جیهانە، هەربۆیە منیش وەکو هەموو یاریزانێک ئارەزوو دەکەم کە رۆژێک بێت و خۆم لەم خولە ببینمەوە، دووبارە پێتان دەڵێمەوە رۆژێک دێت و یەکتری لە پریمەرلیگ دەبینینەوە، بەڵام نازانم کەی ئەم شتە روو دەدات. ئەگەر بتوانم بەم زووانە پەیوەندی بە یانەیەکی پریمەرلیگەوە بکەم، ئەوا باشتر دەبێت، ئەگینا چاوەرێ دەکەم تا ئەو کاتەی کە ئەم شتە روو دەدات.

دانی ئالڤێسی تەمەن ٣٥ساڵ، لە کۆتایی ئەم وەرزە گرێبەستەکەی لەگەڵ پاریس سانجێرمان کۆتایی دێت، ئالڤێس لەگەڵ ئیشبیلیە ٢٣٥ یاری کردووە، ١٥ گۆڵ و ٢٩ ئاسیستی هەبووە، لەگەڵ بەرشلۆنە ٣٩١ یاری کردووە و ٢١ گۆڵ و ٩٩ ئاسیست، لەگەڵ یوڤێنتۆس ٣٣ یاری، ٦ گۆڵ و ٧ ئاسیست، لەگەڵ پاریس سان جێرمان ٤١ یاری، ٥ گۆڵ و ١٠ ئاسیستی هەیە.



## ئەستێرەیەکی هەڵبژاردەی ئینگلتەرە وازهێنانی خۆی راگەیاند

دوای ٢٠ ساڵ یاریکردن جۆ کۆلی یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا بە یەکجاری وازهێنانی لە تۆپی پێ راگەیاند.


جۆ سەرەتا لە وێستهام یۆنایتد و لە چێلسی و لیڤەرپوول لە فەرەنساش بۆ لیل یاریکردووە و دواتر چووەتە خولی ئەمریکی و لەگەڵ یانەی سیتی یاریکردووە و دوایین یانەش کە یاری تێدا کردبێت یانەی تامپا بووە و لەوێشدا وازهێنانی راگەیاند.

کۆل لەگەڵ هەموو ئەو یانانەدا ٧١٦ یاری ئەنجامداوە و ١٠٤ گۆڵیشی تۆمارکردووە، ئەمە جگە لەوەی لە هەڵبژاردەی ئینگلتەرا ٩ ساڵ یاریکردووە و ٥٦ یاری ئەنجامداوە و ١٠ گۆڵیشی تۆمارکردووە.

جۆ کۆڵ دوای وازهێنان گووتی: بڕیارێکی قورسبوو، بەڵام لە کاتی خۆیدا بوو، لە داهاتووشدا هەوڵدەدەم ببمە راهێنەرێکی سەرکەوتوو و لە پێگەیاندنی یاریزاناندا بەردەوامدەبم.

# فوتساڵی گازی باکوور ئامادەن

تیپی فوتساڵی گازی باکوور یەکێك لە تیپە بەهێزەکانی عێراق و کوردستان خاوەنی ژمارەیەکی زۆر لە یاریزانانی بەتوانایە لەسەر ئاستی شاری کەرکووکیش بە تاکە یانەی بەهێزی شارەکە دادەنرێت کە بەردەوام بەشداری خولەکان دەکات، راهێنەری تیپی فوتساڵی یانەکەش بەردەوام لە مەشقەکانی دایە لەگەڵ کچە یاریزانانی بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە ئامادەیان بکەن ئێستاش سەرقالی مەشقن بۆ بەشداری کردن لە خولەکانی داهاتوو، لەم بارەشەوە قاسم جەمیل راهێنەری تیپی فوتساڵی گازی باکوور بۆگۆڤاری گوڵان گوتی: تیپەکەمان بەردەوامە و ئامادەن بۆ خولەکانی داهاتووی کوردستان و عێراق تاکو ئێستا بڕیاری ئەوە دراوە وەکو تیپی گاوی باکوور بەشداری خولی کوردستان بکەین، بەڵام ئەوەش نییە بلێن مەشقەکانمان بەردەوامە، چونکە خولەکان وەستاون و سەرجەم یاریزانەکانیشمان قوتابین بۆیە مەشقەکان بەبەردەوامی نییە، بەڵام یانەکەمان زیاتر بایەخ بە تیپی تۆپی پێی کوردستان دەدات کە بەشداری کردووە لە خولی نایابی کوردستان، بارودۆخی دارایی تیپەکەشمان زۆر باش نییە، هەر چەندە ئێستا هیچ خولێك نییە بەرێوە بچێت، بەڵام ئێمە نەوەستاوین بەردەوامین، ئەگەر کاتی خولەکەش دیاری بێ ئێمە دەست بە ئامادەکارییەکانمان دەکەینەوە.



# قەیرانی دارایی بەرۆکی یانەی هەڵۆبەرنادات

تیپی تۆپی پێی یانەی هەڵۆی دەڤەری بارزان ئەمساڵیش وەکو ساڵی تر بڕیاری داوە بەشداری لە یارییەکانی وەرزی نوێ خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان بکات، تیپەکەش سەرەڕای ئامادەکارییەکانی بۆ وەرزی نوێ خولەکە، بەڵام گرفتی دارایی بەردەوامی هەیە وەکو ساڵانی تر تاکو ئێستاش هیچ بڕە هاوکارییەکیان لە هیچ لایەنێك وەرنەگرتووە، لەم بارەشەوە ئەحمەد خەلیل سەرۆکی یانەی وەرزشی هەلۆ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: ئامادەکارییەکانی ئەمساڵمان زۆر باشە چونکە بە ستیلێکی جیاواز بەنیازین دەرکەوین،چونکە زۆربەی ئەو یاریزانانەی لای ئێمەن لاون و هەر لە تیپی دووەمەوە سەرخراون دەمانەوێ بەم یاریزانانەش بتوانین بەشداری کێبڕکێیەکانی ئەم وەرزی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان بکەین، لە بارەی بوونی گرفتیش لە یانەکە ناوبراو گوتیشی: ئەمساڵیش وەکو ساڵانی رابردوو گرفتی دارایی واز لە تیپەکەمانی نەهێناوە پارەمان لە ماڵی خۆمان هێناوە بۆ ئەوەی وەرزش نەوەستێ و هیچ کەسێك و لایەنێك هاوکاری ئێمەی نەکردووە، بەهۆی بێ پارەیش تەنیا لە ناو شاری بلێ کەمپی مەشقیمان کردۆتەوە دەمانەوێ بەردەوامین و کۆڵ نەدەین بۆ ئەوەی وەرزشی ناوچەکەمان بەردەوام بێ، هێشتا خولەکەش دەستی پێ نەکردووە ئێمە دەمانەوێ بەم یاریزانە لاوانە و ئەو یاریزانانی کە لای ئێمەن بتوانین ئەنجامی باش بەدەست بهێنین هەرچی نەبێ بتوانین مانەوەمان مسۆگەر بکەین، گرفتی سەرەکی ئێمەش وەکو یانە تەنیا نەبوونی پارەی پێویستە بۆ بەرێوەبردنی تیپەکە، ئەمساڵیش هیچ گرێبەستێکمان نییە بۆ یاریزانان تەنیا مووچەیەکی رەمزیە و ناتوانین گرێبەست دابین بکەین، بۆیە هەرچی لە توانامان بێ بۆ خزمەتی وەرزش لەم دەڤەرە کەم تەرخەمی ناکەین.





# هاوڕێ جەلال لە پێشمەرگەی سلێمانی ئاسودەیە

هاوڕێ جەلال یاریزانی پێشووی یانەی پێشمەرگەی هەولێر ئەم وەرزە لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی سلێمانی ڕێکەوتووە بۆ ئەوەی لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان بەرگری لە گۆڵ و درێسی ئەو یانەیە بکات، هاوڕێ هەرچەندە گرێبەستی تری هەبووە لە یانەکانی تری کوردستان، بەڵام لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی سلێمانی لە شارەکەی خۆی ڕێکەوتووە لەم بارەشەوە هاوڕێ جەلال بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی» ئەمساڵ بڕیاری ئەوەم داوە کە لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی سلێمانی ڕێك بکەوم، هەر چەندە پێشووتر بۆ ماوەی چوار ساڵ لەم یانەیە یاریم کردووە لە تیپەکانی لاوان و تازەپێگەیشتوانی یانەکە بۆیە دوای گفت و گۆکردنم لەگەڵیان حەزم کرد جارێکی تر بگەڕێمەوە یانە کۆنەکەی خۆم بۆ ئەوەی خزمەتیان بکەم، لەبارەی هەبوونی گرێبەستیش ناوبراو گوتی: بەڵێ بەر لە یانەی پێشمەرگەی سلێمانی گفت و گۆم لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی هەولێر هەبوو بۆ ئەوەی گرێبەستیان لەگەڵ واژوو بکەم، زۆریشم حەز دەکرد یاری بۆ ئەو یانەیە بکەم تەنیا ئەوە مابوو بێمە شاری هەولێر دواتر نەبووە قسمەت پێشمەرگەی سلێمانی زۆر بە جدی لەسەر هێڵ بوو بۆیە بەفەرمی لەگەڵ ئەوان ڕێکەوتووم، گوتیشی «ئامانجی من لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بەدەستهێنانی خولی یانە پلە نایابەکانی کوردستان بۆ یەکەمجار ئێستا خەریکە وا یاری بۆ یاری ئاستمان باشتر دەبێ، دواتریش هەوڵ بۆ ئەوە دەدەم بۆ ساڵێ داهاتوو لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی یاری بکەم، چونکە ئامانجی من یاری کردنە لە دوو خولی گەورەی کوردستان و عێراق بۆیە هەردوو خول لای من گرنگی خۆی هەیە.